# تاوانبارێکی گرنگی تاوانی جینۆسایدی بارزانیەکان و ئەنفال مرد

عەلی مەحمود محەمەد

فارس نیعمه حوسێن محیاوی Neama Hussain AL-mihiwai Faris ناسراو به ئەبو ریم, لەدایکبووی ٠٣-٠٧-١٩٤٠ , سەر به خێڵی محێیه که له شاری یوسفیەی خوارووی بەغداو ناو شاری بەغدا جێگیرن, له شیعەو سونه پێك هاتوون, فارس له باڵه شیعەکەیەتی.
فارس نیعمه دەرچووی خولی ٣٦ ی کۆلێژی سەربازی بووه له ساڵی ١٩٦٠, بەشداری کودەتای سەربازی بەعسیيەکانی کردووه له ٨ی شوباتی ١٩٥٨, رۆژی ٩ی شوبات سوکایەتی به جەستەی عەبدالکەریم قاسم کردووه , له بەردەم کەناڵی راگەیاندن جەسته ساردو سڕەکەی به قژ رایکێشاوه, هەرچەنده سەرباز بووه, لێ له ئەشکەنجەدانی سەلام عادیل بەشداری کردووه, دەرچووی خولی ٣٥ی کۆلێجی ئەرکانه له ساڵی ١٩٧٠.
زۆر پۆستی گرنگی له سلکی سەربازی عێراقی وەرگرتووه, لەوانه ڕاگری کۆلێژی ئەرکان له ساڵی ١٩٨٢، جێگری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ کاروباری راهێنان، سەرۆکی زانکۆی البکر بۆ خوێندنی باڵای سەربازی , له ساڵی ١٩٨٣ بووه به فەرماندەی فەیلەق ١ , له ساڵی ١٩٨٨ به وەکالەت فەرماندەی فەیلەق ٥ بووه.
عەقید نیعمه فارس محیاوی که ئەوکاتەی فەرماندەی لیوای ٦ی زرێپۆش بوو, فەرماندەیی سەرکوتکردنی راپەڕینی سەفەری شیعەکانی کردووه له له رێکەوتی ٨ و ٩ی شوباتی ساڵی ١٩٧٧, که بەعس رێگری کرد ئەو ساڵه شیعەکان ئەربەعینییه بکەن, ئەو تاوانه له مێژوودا به روداوی خان نص بەناو بانگە( خان ئەلحەماد (خان نص) یەکێکه له گرنگترین شوێنه مێژووییەکانی قەزای ئەلحەیدەرییه له پارێزگای نەجەف).
لیواکەی محیاوی له نزیك شاری موسەیب جێگیر ببوو, نزیکەی ٤٠ کیلۆمەتر له کەربەلاوه دوور بوو، نزیکترین پێکهاتەی سەربازی بووه له شوێنی راپەڕینەکەوه. لیوای زرێپۆشی شەشەم به هەر سێ کەتیبەکەی و فەوجی پیادەی میکانیکیەکەیەوه رۆڵی سەرەکییان گێڕا له سەرکوتکردنی راپەڕینەکە, راپەڕینەکە تاکو رێکەوتی ١٢ی شوبات به تەواوی دامرکاندەوە,

لەو رووداوەدا دەیان کەس کوژران و سەدان کەسیش لە راپەڕیوانان دەستگیر کران.
فارس نیعمە لە رێکەوتی ١ ی فیبریوەری ساڵی ١٩٧٦ پلەی سەربازی فەریق روکنی بۆ صەدام حوسێن بەست, لە گەڵ بەخشینی ماجستێر لە بواری زانستی سەربازی, لە کاتێك رۆژێك سەربازی نەکردبوو, لە رێکەوتی ١٧-٧-١٩٧٩ پلەی موهیب روکن لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشەوە پێ بەخشرا, پۆستێك وێنەی لە جیهاندا نەبووە .
بە پێی بەڵگەنامەی کۆمیسیۆنی باڵای نیشتمانی بۆ ریشەکێشکردنی بەعس - بەشی زانیاری، ژمارە ١، ڕێکەوتی ٢-١-٢٠٠٥، سەبارەت بە لیوا ڕوکن نیعمە فارس محیاوی هاتووە (لیوا ڕوکن ، ئەفسەری پێشووی هێزە چەکدارەکان، لە ڕیزەکانی سەربازیی بەرز بوەوە تاکو گەیشتە پلەی لیوا روکن، وە لە ڕیزەکانی پارتی بەعسی لە ناوچوو (بیرۆی سەربازی) سەرکەوت تا گەیشتە تا بوو بە ئەندامی مەکتەبی سەربازی (سکرتێری لقی سەربازی حوتەین و یەرموك)، پاشان وەك باڵیۆز لە یەکێك لە وڵاتان دامەزرا، یەکێکە لە تاوانبارانی سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق، کە سەرۆکایەتی لیژنەکانی لە سێدارەدانی کردووە لە کەرتی چوارەم لە پارێزگای میسان و کەرتی فەیلەق دوو لە پارێزگای دیالە دادەنرێت, بە یەکێك لە چەقۆکێشانی ڕژێمی پێشوو دادەنرێت, دەبێت لەسەر تاوانەکانی لە کاتی شەڕی ساڵانی نێوان ١٩٨٠ تاکو ١٩٨٨ ( شەڕی ئێران-عێراق) دادگایی بکرێت.
فارس نیعمە محیاوی دووا خزمەتی بۆ بەعس وەرگرتنی پۆستی باڵوێزی عێراق لە فلپین و نەمسا بوو, وە یەکێك بوو لەوانەی کاری بازرگانی بۆ عودەی دەکرد, دوای روخانی صەدامیش بەردەوام بوو بۆ کارکردن بۆ پاشماوەی بەعس, لە شاری ڤیەنا هێلانەیەکی سیخوری بۆ درووست کردبوون, دووا پۆستیشی دوای روخانی صەدام خانەنشینکردنی بوو بە پۆستی فەریق رووکن تا مردنی لە ٢٨ی ئۆگستستی ٢٠٢٥ بەردەوام بوو, لە کاتێکدا ناوی لە لیستی تۆمەتبارانی ئەنفال هەبوو وە داواکراوی ەیسی تاوانی ئەنفال بوو.

بەشداریکردنی لە سەرکوتکردنی گەلی کورد

زانیاری وردمان لەسەر کارەکانی نییە دژ بە گەلی کورد, هەرچەندە بە پێی وتەی عەلی حەسەن مەجید خزمەتی سەربازی بە پلەی ئەفسەری زۆر بووە لە کوردستان, کە لەو کاتەوەی ئەو کۆلێجی سەربازی تەواو کردووەو پلەی جیاجیای سەربازی هەبووە, لەو ماوەیە ٢٦ ساڵی جەنگ بەردەوام بووە, ئەوەی بۆ ئێمە زانراوە بە بەڵگەی تاوانبارییەوە, لە پۆستی باڵاوە بەشداری هەردوو تاوانی جینۆسایدی بارزانی و جینۆسایدی ئەنفالی کردووە.
لە ساڵی ١٩٨٣ ئەو پۆستی فەرماندەی فەیلەقی ١ وەردەگرێت, لەو کاتەی جەنگێك هاتە پێشەوە بە ناوی فەجری دوو بە کوردییەکەی بەناوی شەڕی حاجی ئۆمەران بە ناو بانگە, بارزانیش لە یاداشتەکانی خۆیدا ئاوا ئاماژەی پێ دەدات " هێزەکانی ئێران لە لایەن شیرازی و موحسین ڕەزاییەوە فەرماندەیی دەکران, هێزەکانی عێراقیش لە لایەن فەریق ڕوکن, نەعمە حوسێن فارس ئەلمحیاوی, فەرماندەی فەیلەقی پێنجەوە سەرپەرشتیی دەکران. سەددام خۆیشی سەردانی دیانای کردبوو, لەم شەڕە عێراق چەکی کیمیایی بەکار هێنا- بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد - بەرگی چوارەم ١٩٧٥-١٩٩٠ شۆڕشی گوڵان- ل ٢٠٥. ".
لەو کاتە ئەو فەرماندەی فەیەقی یەك بوو نەك پێنج" فەیلەقی پێنج ئەوکات هێشتا پێك نەهێنرابوو", لەو جەنگە ئەو شکستی هێنا بەشێك زۆر لە خاك و چیاکانی لە دەست دا, لیوای ٦٥ی قوات خاصە بە هاوکاری جاشەکان گردمەندیان گرتەوە.
محیاوی لە پەلاماردانی بارزانییە سڤیلەکانی ناوچەی دیانا و شوێن بزرکردنیان بڕیار دەربووە, وەك لە بەڵگەنامەی نهێنی و کەسی سەرکردایەتی فەیلەقی یەکی پێشەنگ, ئەرکانی گشتی , ئەمن ژمارە امن-١١-١ لە ڕێکەوتی ٢٥-٨-١٩٨٣ بۆ العمید الرکن احسان کامل شبیب , بابەت پێکهێنانی لێژنە بە واژۆی اللوا الرکن نعمە فارس حسین قائد الفیلق الاول ,وە پرۆفیسۆر عەلی تەتەر ئاماژەی پێ دەدات حکومەتی عێراق پاش ئەم تاوانە، لە ئابی ١٩٨٣، بە فەرمانی سەرکردەی فەیلەقی یەکی سوپای عێراق، لیوای ڕوکن نەعمەت فارس حوسێن بە هەماهەنگی لە گەڵ لقی باکووری لەشکری حزبی بەعس لیژنەیەکیان، بە سەرۆکایەتیی عەمیدی ڕوکن ئیحسان کامل شەبیب پێکهێنا بوو، کە کارەکەیان بریتی بوو، لە ئەنجامدانی ئامارێکی ئەمنی لە سەر هەموو نیشتەجێبووانی قەزای سۆران و ناحیەی دیانا و گوندەکانی دەوروبەر، بۆ ڕێوشوێنی پێویست بۆ دانانی ڕاددەیەك بۆ بزاڤی)خائین و

بەکرێگیراوان (بە پێی دەربڕینی ئەوان و دۆزینەوەی جێگایەك، کە یەکەکانی لەشکری و ئیداری عێراق بۆی بگوازرێتەوە کە ئاسانتر بتوانن بیانپارێزین.
هەروەها بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر کردەوەیەکی نائاسایی، لە ٩ی ئابی ١٩٨٣ هێزێکی تەواویان پێکهێنا بوو، و پیلانێکی ئەمنییان دانابوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر پێشهاتێك. بەم شێوەیە حکومەتی عێراق لاپەڕەیەکی نوێی لە سەر تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و گەلی کورد لە بێدەنگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تۆمار کرد کە تا ئێستاش شوێنەوارەکانی بەسەر کومەڵگای کوردیدا ماوە. بەلام دوای ئازادکردنی عێراق، لەسەر کۆمەڵکوژی بارزانییەکان، هەر یەك لە عەلی حەسەن ئەلمەجید، تارق عەزیز عیسا، سەعدون شاکر مەحموود، سەفیان ماهرحەسەن، وەتبان ئیبراهیم حەسەن، حامد یوسف حەمادی و حکمەت مزبان ئیبراهیم لەلایەن دادگای بالای تاوانەکانی عێراق بە تاوانی کۆمەڵکوژی دادگایی کران -حکومەتی عێراق و جینۆسایدی بارزانییەکان پرۆفیسۆری هاریکار دکتور عەلی تەتەر-تایبەت بۆ گولان نوسیویەتی- کۆمەڵکوژی بارزانیەکان و بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگەی بۆ ئەنفالی گەرمیان و کیمیاباران خۆشکرد سیاسی ژمارە (٩٤٠) ٠٥-٠٨-٢٠١٣. ڕۆژی دووای دەستنیشانکردن و ئاگادارکردنەوەکەی ٩ی ئاب, گرتن و بێسەروشوێنکردنی بارزانییەکانی قەزای سۆران دەستی پێکرد.
تەنانەت ئەو ڕاپۆرتانەی ئیستخباراتی سەربازی دابوویان کە گوایە پارتی ئەفسەری پلە باڵای ئێرانی هێناوەتە ناو عێراقەوە بۆ نەخشە کێشان بۆ هێرشەکەی ٢٣ی یۆلی ١٩٨٣ ی حاجی ئۆمەران , ڕۆڵی محیاوی وەك فەرماندەی فەیلەق و بەرزترین بەرپرسی بەعسی سەربازی کوردستانی تێدا بووە, کەچی بە رووکەشیش بێت  ناوی لە دۆسیەی بارزانییەکان نەهاتە پێشەوە.
سەبارەت بە کەیسی دووەم کە تاوانی جینۆسایدی ئەنفالە, فەریق رکن (نعمە فارس حسین) یەکێکە لە داواکراوانی کەیسی ئەنفال لە لیستی تۆمەتبارانی دادگای بالای تاوانەکانی عێراقی, وە یەکێکە لەو ٢٤ تۆمەتبارە سەرەکییە داواکراوەی خولی یەکەمی دادگا, لە داوا نامەی دادگای باڵای تاوانەکاندا ناوی ٢٤ تاوانبار هاتووە بە پێی نووسراوی ژمارە ف٢، ١٤٤٥ لە ڕێکەوتی ١٨-١٢-٢٠٠٥ ی دادگای باڵای تاوانەکان, ژمارەی فایل ٩١٠١ و ٩١٠٢ لە کۆی ٩٣٠٢ فایلی ئامادەکراو بۆ دادگا لە کەیسی تاوانی ئەنفال,

بڕیاری گرتن بۆ ٢٤ تاوانبار دەرچووە لەسەر داوای دادوەری لێکۆڵینەوە, لەو داوا نامەیەدا نیعمە فارس ژمارە ١٣ەیە, (ناوی لە لیستی ٤٢٣ تۆمەتباری ئەنفال هاتووە بە ژمارە ٨٦ -الفریق الرکن (نعمه فارس حسین) معاون رئیس ارکان الجیش للتدریب).
لیوا ڕوکن فارس حوسێن محیاوی لە پاڵ کەماڵ ساجت و سوڵتان هاشم سەرکردایەتی پرۆسەی ئەنفالی یەکی کردووە (٢٣-٠٢-١٩٨٨ بۆ ١٩-٠٣-١٩٨٨)، لە دانپێدانانەکانی سولتان هاشمدا ناوی هاتووە ٨١٤٧ بۆ ٨١٧٩.
ئەو سەرپەرشتی قۆڵی مەرگە -بنگرد-کانی توی کردووە لە هێرشی پەلاماری ئەنفالی یەکدا, کە سەرەتای پرۆسەی ئەنفالی ١ لەو قۆڵەوە درزی تێکەوت, هێزەکەی ئەوکە فرقەی ٢٤ی سەر بە فەیلەقی ٥ بوو, لە کاتژمێر شەش و نیوی بەیانی ڕێکەوتی ٥ی ئازاری ١٩٨٨ گەیشتۆتە کانی تو, ناو قولایی ناوچەکە, بە بەشداری ئەم فەوجە جاشانە( ١,٢٦,٨٢,٩٨,١١٢,١١٤,١٤٨,١٧٥,٦٦,٩١,١٤٠,١٤٧,١١٠,١٧,٥٩,١ ٢٦,٢٢).
" بە پێی وتەی سکالاکەرانی دادگای باڵای تاوانەکان هەرچی ٨٠ بۆ ٩٠ ئەنفالکراوەکەی گووندی سێدەرە کە لە ڕێکەوتی ٥-٣-١٩٨٨ ئەنفالکراون, بردراون بۆ رانییە دەوروبەری ١٠ ڕۆژ ماونەتەوە(لە بارەگای فرقەی ٢٤), دواتر بردراون بۆ هەولێر نزیك ٤٠ ڕۆژ لەوێ ماونەتەوە, ئەوجا رەوانی سەربازگەی تۆبزاوە کراون, لەوێ ٣ ڕۆژ ماونەتەوە, دواتر پیرەکانیان بردووە بۆ سەربازگەی نگرە سەلمان و گەنجەکانیان روفاتیات لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان حەزەر دۆزراونەتەوە".
"بەڵام بە پێی نووسراوی بێ ژمارەی بەڕێوەبەرایەتی حەرەکاتی سەربازی لە ٢ی ئازار ٤٣ پیاو و ٣٩ منداڵ, ١٧ ژن لە سنووری مەرگە دەستگیرکراون , وەك خێزانی تێکدەران ناسێنراون, وە ٤٣ تێکدەر کوژراوە, ٢٨٣ ش بریندار کراون".
"لێ ئەوانەی بە لێبوردنە درۆینەکە گەڕاونەتەوە, وەك خۆیان دەگێڕنەوە لە پرۆسەی دادگایی ئەنفال, لە ڕۆژانی ٢٨-٣ و ٧-٤ لە گوندی سونێ و گوندەکانی تەنیشت سەنگەسەرەوە, لە ڕێگای جاشەکانەوە خۆیان داوە بە دەستەوە, لە سونێوە گواستراونەتەوە بۆ فرقەی چوارقورنە(فرقەی ٢٤ی سەر بە فەیلەقی ٥), ڕۆژێك لە مودیریەی ئەمنی هەولێر, بردراون بۆ سەربازگەیەك لە نێوان موسڵ و هەولێر ٤ ڕۆژ لەوی ماونەتەوە, پێی دەچێت

بارەگای فەیلەق بووبێت, چوار قاعە بووە, ژن و پیاو جیاکراونەتەوە, هەندێکی دیکە لە سونێوە بۆ چارقورنەو ئەوجا بۆ هەولێر مانگێك لەوێ ماونەتەوە, دواتر نێردراون بۆ زیندانی سەربازگەی تۆبزاوە".
محیاوی لە بەرامبەر رۆڵی لە سەرکردایەتیکردنی قۆڵێکی سەرەکی ئەنفالی یەك دووجار خەڵات کراوە, لە نووسراوێکی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان ,پێشنیار دەکرێت رێزلێنان بۆ کۆمەڵێك فەرماندەی سەربازی باڵا بکرێت کە محیاوی یەکەمیانە, نووسراوەکە بە واژۆ ی الفریق الرکن علاوالدین کاڤم حماد امین السر القیادە العامە للقوات المسلحە یە, لە رێکەوتی ٨-١١-١٩٨٨ دەرچووە.
ناوەکان بریتین لە هەر یەکە: فریق روکن نعمە فارس حسین محیاوی جێگیری فەرماندەی فەیلەقی ٥ ,بەخشینی نیشانەی ئازایەتی پێی, بەهۆی بەشداریکردنی لە پرۆسەی ئەنفالی یەك.
بە پێی نووسراوێکی دیکە, سەرۆکایەتی کۆمار - نووسینگەی سکرتاریەتی گشتی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان, بە واژۆی الفریق الرکن علاوالدین کاڤم حماد امین السر القیادە العامە للقوات المسلحە, بە نووسراوی ژمارە ١-١٨-٥٨١٢, لە رێکەوتی ١٠-١١-١٩٨٨, کە بۆ دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار نێردراوە, لە ژێر سەردێری بابەت رێزلێنان, رەزامەندی سەرۆك کۆمار فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان وەرگیراوە بۆ بەخشینی نیشانەی ئازایەتی بەمانەی لە خوارەوە ناو لە گەڵ پۆستەکانیان دیاریکراوە کە ناوبراو لە سەرتۆپی فەرماندەکانە: "فریق رکن نعمە فارس حسین جێگیری فەرماندەی فەیلەقی ٥, خەڵات بکرێت بە نیشانەی ئازایەتی بەهۆی بەشداریکردنی لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی یەك".
بە وتەی عەلی کیمیاوی بێت محیاوی لە کوردستان لە ماوەی ٢٣ ساڵی جەنگدا خزمەتی زۆر بووە, هاوکات دوودڵ نەبووە لە پشتیوانی جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان لە تاوانی ئەنفال و خاپوور کردنی لادێکان و کوشت و بڕی خەڵکە سڤیلەکەی( کۆبوونەوەی مەکتەبی باکوور بۆ پێداچوونەوەی پەلامارەکانی ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨. نەوارەکە مێژووی لە سەر نییە، بەڵام لە ناو کۆمەڵێکدایە بە رۆژانی ٢١ و ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٨٩ دیاریکراون.
" ترسناکترین قۆناخی هەڕەشەکردن لە عێراق، لە نێوان ئابی ١٩٨٧ و نیسانی ١٩٨٨دا بوو. بارودۆخێکی زۆر خەتەرناك بوو، ئێمە لە ١٨ی شوباتەوە تا

٤ی ئەیلوولی ١٩٨٨ لە بەرەی سەربازیدا کارێکی جیددیمان دەستپێکردبوو، تەواوی فەرماندە یەك لە دوای یەکەکانی فەیلەقی یەك و فەیلەقی پێنج: فەریق نزار (الخزرجی) و سوڵتان هاشمی فەیلەقی یەك و تاڵع الدوری و شەهید محمد الحدیسی و نعمە فارس و ئەیادی فەیلەقی پێنج .. هەموو ئەو پیاوانەی کە ناوم هێنان لەو فەرماندانەن کەوا لە پلەی مولازمییەوە لە باکووری عێراقدا خزمەتیان کردووە، یەکەم کەس لە ناو ئەمانەدا کە هاتبێتە ناو حیزبی بەعسەوە تاڵع الدوری بوو. کاتێ کە بڕیارماندا گوندەکان بڕووخێنین و کۆیان بکەینەوە و هێڵی جیاکەرەوەمان بۆ کێشا (ئەوەی کە بە هێڵی سوور ناودەبرێت) لە نێوان ئێمە و تێکدەراندا، یەکەم کەس کە دوودڵی و گومانی بۆ من دەربڕی لە بەردەم سەرۆکدا تاڵع الدوری بوو، یەکەم کەس کە ئاگاداری کردمەوە تالع الدوری بوو، تا ئەمڕۆش کاریگەریی تالع بە ئاشکرا دیارە. هەموو ئەو گوندانەی نەڕووخاند کە من داوام لێکردبوو، بە لای خۆشیەوە کۆنترین ئەندامی حیزبی بەعسە، ئەی کەوابوو دەبێ خەڵکی تر چۆن بن؟ چۆن قەناعەتمان پێبکردنایە کە کێشەی کورد چارەسەر دەکەین و تێکدەرانیش لە ناو دەبەین؟
بەمجۆرە بە تەلەفزیۆن کەوتینە پیشاندانی (ئەو تێکدەرانەی) خۆیان بەدەستەوە دابوو، بۆ ئەم فەرماندە پایە بەرزانە، باشە دەکرا من ئەمانە هەروا بە سەلامەتی بهێڵمەوە؟ ئەی کەواتە چیم لەم بزنانە بکردایە؟ من پەیامێکم لە پیاوە مەزنەکەوە، لە باوکەوە (واتە سەددام حوسێن) پێگەیشت و پێمرادەگەیەنێت چاوت لە خێزانی تێکدەرانەوە بێت و ئەمە و ئەوە. فەرماندەی گشتیی ئەمەی بۆ ناردووم و منیش نامەکەم خستە سەرسەرم، بەڵام چاوم لەمانەوە بێت؟ نەخێر، من بە بلدۆزەر دەیانکەمە ژێر خۆڵەوە، پاشان داوای ناوی هەموو گیراوەکانم لێدەکەن بۆ بڵاوکردنەوەیان، منیش وتم: "باشە ئێوە قەناعەتتان نیە بەوەی کەوا لە سەر تەلەفزیۆن بینیوتانن و لە ڕۆژنامەدا خوێندووتانەوە؟" ئەی من ئەم خەڵکە لە ئەژمار نەهاتووە لەکوێ دابنێم؟ بۆیە کەوتمە دابەشکردنیان بە سەر پارێزگاکاندا، ئەوکاتەش دەبوو بلدۆزەرەکان بەملا و بەولادا بڵاوە پێبکەم...... ).
لەمانەی خوێندمانەوە, لە زمانی بەڵگەنامەکانەوە, بێ دوودڵی بۆمان دەردەکەوێت محیاوی دوژمنێکی کۆنی سەرسەختی گەلەکەمان بووە.

سکاڵا تۆماردن

لە ڕێکەوتی ١٩ی یۆنی ساڵی ٢٠٠٧ ەوە لە لایەن چەند ئەندامێکی ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید چاك و دەرەوەی ئەو ڕێکخراوەوە, وەك تۆمەتبارێکی ئەنفال سکاڵای یاسایی لەسەر تۆمار کرا لە لای پۆیسی نەمساوی, لە ڕێکەوتی ١١-٠٩-٢٠٠٧ سکالای سکاڵاکەران گەیشتبووە دەست دەزگاکانی نەمسا و لەو ڕێکەوتە وەڵامیان داینەوە, لە ڕێکەوتی ٢-٢-٢٠٠٩ داواکاری گشتی نەمسا وەلامیان داینەوە کە دۆسیەکە لە بەردەستیانەو چاوەڕوانی وەرگرتنی زانیارین لە عێراقەوە, وە شاندیان ناردبوو بۆ عێراق بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لیچ دەست بەتاڵ گەڕانەوە, ئەوانەی بەشدارییان کرد لە پرۆسەی سکالاکە: خوالێخشبوو ناجی عەقراوی, و ف هاوولاتییەکی عەرەب لە نەمسا زانیاری تایبەت بە ناوی فەرمی و ناونیشانی تاوانباری کۆکردەوە, وە کاك ڕەزا حەمەی شاعیر خۆبەخشانە چەند بەڵگەنامەیەك لەسەر تاوانباری ناوبراوی وەرگێڕایە سەر زمانی ئەڵمانی, هەروەها بەڕێزان شاخەوان شۆڕش, گۆران هەڵەبجەیی, هیشام ئاکرەیی,دەرسیم دیبەگەیی, قادر نادر, روناك شوانی و عەلی مەحمود سکاڵایان تۆمار کرد, نابێت ئەوە لە یاد بکەین تا مردنی کاك شاخەوان شۆرش بەردەوام نامەکانی بە ئینگلیزی نووسیووە بۆ لایەنەکان.

بە هۆی گەڕانەوەی من بۆ کوردستان و پچڕانی پەیوەندییەکان, پشتگوێ خستنەوە لە لایەن دادگای بالای تاوانەکانی عێراقەوە کە هاوکاری داواکاری گشتی نەمسایان نەکرد, وە چەندین جار بانگەوازمان کرد کەس دەستی هاوکاری بۆ درێژ نەکردین, چەند هەوڵمان دا پارێزەرێك بگرین سەرکەوتوو نەبووین, تەنانەت لەو کاتە بەڕێز عوسمانی حاجی مەحمود ئامادەیی ئەوەی دەربڕی خەرجی گرتنی پارێزەر بگرێتە ئەستۆ, هەروەها دەست نەگەیشتنمان بە بەڵگەنامە لەسەر ناوبراو, وە پەیوەندییەکانمان لە گەڵ ڕێکخراوە تایبەتمەندەکان وەك ئێستا نەبوو, بۆیە سەرکەوتوو نەبووین ,هەرچەندە ماوەیەك پێش مردنی هەنگاوی باشمان نا بۆ زیندوو کردنەوەی دۆسیەکە کە بەڵگەی چاکمان دەست کەوتبوو, وەلێ کار لە کار ترازا.

هەرچەندە لە ١١ی ئۆگستی ٢٠٢٢ لە ڕێگای پزیشکێکی ئازیزەوە بەناوی ه س بە نامەو ئیمەیل پەیوەندیمان کردەوە بە داواکاری گشتی نەمساوە بەڵام

بێ وەڵامبوو, کێشەی کورد ئەوەیە زۆر کەس دڵسۆزەو نەتەوەییە وەلێ کە دەگاتە پرسی دادگایی تاوانباران ستاپ دەکات.

ئەو لە ٢٨ی ئابی ٢٠٢٥ مرد و رزگاری بوو, کوردێك پرسەی گەرمی بۆ دانا, ئەویش تاوانبارێکی ئەنفالی دانیشتووی نەمسایە, نووسەر و رۆژنامەنووسەو ئەندامی ئەمنستی ئەنتەرناسیۆنال, راوێژکاری فەوجی ٧٩ی جاشە سوکەکانی پێشووجەلال چەرمەگا بوو( https://algardenia.com/٢٠١٤-٠٤-٠٤-١٩-٥٢-٢٠/qosqsah/٦٨٧٥٨-٢٠٢٥-٠٨-٢٩-١٥-١١-٠٢.html

),پرسەی ئەو لە نەمساو بەغدا گەرم بوو, لە حکوومەتی نوێی عێراقیش وەك فەریق روکنێکی خانەنشین مرد, لەو وڵاتە سەیرە قوربانی و جەلاد هەموو پێکەوە خانەنشینن, جیاوازییەکانیان ئەوەیە موچەی خانەنشینی زیاترەو پۆستەکانیان باڵاترە.

لەم چەند ساڵە محیاوی چوارەم تاوانباری جینۆسایدی کوردە لە دەرەوەی وڵات دەمرێت لە دوای تاریق رەمەزان, وەفیق سامەرائی و مەلا عوزێرەوە, مردنی ئەوان بۆ دڵسۆزانی کەیسی جینۆساید ئازارەکەی بە ئەندازەی مەرگی باوکە, چونکە بێ دادگایی و سزا دەڕۆن و رزگاریان دەبێت, دەبێت دووعا بکەین تاوانبارانمان بۆ بهێڵیت بەڵکە رۆژێك غیرەت پەیدا بێت دادگایی بکرێن.

٠٠٩٦٤٧٥٠٣٧١٤٦٢٠